بسم الله الرحمن الرحیم

نزولی قورئان، إن شاء الله دیسان به موبەسەطی ئەمما به ئوسلوبەکی تر ئەو قاعیدەیە تیکرار دەکەینەوە، إن شاء الله، حەز دەکەم تا حەددەك ئینتیباهـ مەوجودبی، پاشان هەرکێ لەو مەوضوعە حەساسەی موناقەشەی هەیە دادەنیشین، إن شاء الله ئیستیفسار و ئیستیفهامی هەبی، تەعلیقی هەبی لەبۆی بەیان دەکەین بە تەوفیقی خوای، بەعزە قەواعید هەیە رب العالمین لەسەر ئەو قەواعیدانە کەونی خەلق کردیە، پاش خەلقی کەون ئیشی واجبی کەونیی لەسەر فەرز کردیە، ئەویش تەسلیم بوون و عیبادەت کردنە بە ئیطلاق، ئەوە یەکەم.

دووەمین: ئەو کەونە موسەخەڕە بە دوو بەش: بەشێك بە مەفهومی تەسلیم بوون، موسوڵمان بوون لەبۆ رب العالمین، وفقی قانون خودا لەبۆی دانایە بەشی دووەمیش: تەسخیر، ئەویش لەبۆ ئینسان، کەون هەمووی موسەخەڕە لەبۆ ئینسان، سێ یەم: هەدەفیەتی وجودی ئەو کەونە، ئینسانە، وە هەدەفی (رب العالمین)یش لەو ئینسانە عیبادەت کردنە، ئیذەن، بالنتیجة ئەو کەونە لۆ ئەو ئینسانە خەلق کرایە لەبۆ عیبادەت کردن.

چارەم: لەبەر ئەوەی ئەو کەونە هەمووی عەبدە، هەمووش قەواعیدی عبودیەتی خۆی هەیە، بە فەوضا عیبادەت ناکا، ئیذەن دەبی ئینسانیش قەواعیدی عیبادەتی هەبی.

پێنجەم: کەون هەمووی هەر موئمینە، پاش ئیمان هینان ئەوجا عیبادەت دەکا، ئینسانیش دەبی ئیمان بە رب العالمین بینی ئەوجا عیبادەتەکەی پێ بکا، لۆیێ ئەوسەرو ئەو سەری قورئان بکەی رب العالمین لە ئینسان ئیمانی دەوێ و بەس، حەلەقەی یەکەم ئیسلام بوونە حالەکی قەلیقە موئەقەتە چەند دەقائیقە موحتەمەلە ئیسلام بوونی ئینسان پاشان یەکسەر دەبی دائیرەی ئیسلام قەطع کا نەقل بی لەبۆ دائیرەی ئیمان، ئەوجا لە دائیرەی ئیمان شوعەب هەیە، دەرەجات هەیە، قادرمە قادرمەیە، دائیرەی ئیمان بەعزەك ریوایەت لە حەدیس دەفەرمی: شێست و سێ دائیرەیە هەتا شێست و نۆ بەعزە حەدیس دەفەرمی: حەفتاو سێ هەتا حەفتا و نۆ، لەناو دائیرەی ئیمان ئەوجا سەبر سەبر، دەرەجە دەرەجە، قادرمە قادرمە، بەسەر دەکەوی هەتا دەگاتە ناو دائیرەی ئیحسان.

شەشەم نوقتە: ئەو کەونە هەمووی کە بە قانون دروست کرایە حەتمەن ئیمان هینانیشی وفقی قانونە، ئینسانیش کە ئیمان دەینی وفقی قانون ئیمان دەینی، یەعنی باری تەعالا ئیعتیبار لەبۆ ئیمانی تەقلیدی و عەفەوی دانانێ، ئیعتیبار لەبۆ ئیمانی تەقلیدی و عەفەوی نییە لە قورئان، إنما ئەو نەوعە ئیمان هینانە مەردودە، ئەوجا ئەگەر هاتوو ئیمەبی، ئەو نەصارا و یەهود بی جولەکە و گاورەکان، هەر سێ نەوعە ئیمانی تەقلیدی مەرفوضە، ئیمان هینان دەبی وفقی قاعیدەی قورئانی بی، وە وفقی

وەرگرتنی پێغەمبەر و صەحابە بی صلی الله علیه وسلم، ئەگەر بەونەوعەی نەبی دەبی ئینسان موراجەعەی خۆی بکا واقیع و قورئانیش طەبعەن دەلیلن لە بۆوەی، موستەعدین لە بۆ وەرگرتنی ئیستیفسارات لە نیهایەتی دەرس، شەشەم گوتمان ئیمان هینان وفقی قەواعیدی موعەییەنە، ئەو قەواعیدانەش دەبی لە قورئان مەوجود بی.

ئەگەر بهاتبا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەقائی لە دونیا سەبەبەك بایە لەبۆ تەوصیل یاخود تەکوین یاخود ڕەگ داکوتینی ئیمانی موئمینین دەبا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وەفات نەکا، نەدەبا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بمری نەقل بی لەبۆ دائیرەی ئاخیرەت، إنما دەبا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بمینێ دیارە حەیەوییەتی دروست کردنی ئیمان وە چۆنیەتی دروست کردنی ئەو ئیمانە بەس لەناو قورئان مەوجودە، وە باری تەعالا بەنسبەت عیباد بەکەمترین دەرەجەی عەقل و شعورو عیلم لەبۆ کەمترین دەرەجەی ئینسان لە عەقل و شعور و عیلم ئیقراری کردیە، کە ئەگەر هاتوو بەس نەصصەکی بەسیط لەو قورئانە وەربگری ئیمان تەحصیل دەکا، ئیحتیاجی بە موختەبەرات و بە جامیعات و بە مەعاهیدی عیلمی نییە ئەو ئیمانە، بەس موجەرەد نەصەکی بەسیط لەو قورئانە وەربگری تەلەموسی ئەو ئیمانە دەکا، ئەو ئیمانەی بەو نەوعەی کە خوا پێ ی رازی دەبی نەك دیسان ئیمانی فیطری، ئەو مەوضوعانەم پێشترێ بەحسمان کردیە دیسان ئیعادەی دەکەمەوە بەعزە برا دیارە ئیمتیصاص و هەضمی نەکردیە لۆیێ ئێستا دیسان بەسەریعی ئەمما بە ئوسلوبەکی تکە ئیعادەی دەکەینەوە:

بەمن ئەصلی قەضیەیە ئەصلی وجودمانە، ئەصلی سەبەبی خیلقەمانە لەسەر ئەو عاردەی وە لەوجێیەی، بالذات، ئەگەر هاتوو ئەو سەبەبەی نەزانین وەبزانم مەداری ژیانمان حەلەقەیەکی موفریغە بازنەکی بێ نیهایەت، ئەمە دەسورێین بێ ئەوەی بزانین کو خوای لە خۆمان رازی بکەین، هەریەکە لەمە موحتەمەلە هەربستی مەجموعە ئایاتەك جەمع کا برێ موحتەمەلە ئەمن بەو مەجموعە ئایەتەی خوای لەخۆم رازی دەکەم، عیلمەن ئەوە ئیشتیباهـ دروست کردنە لەبۆخۆمان، وە عائیق و سەد دروست کردنە بەینی خۆمان و بەینی ریضوانی رب العالمین، بەعزە قەواعید هەیە، ئیمانیات، باری تەعالا دەفەرموی: (هو الذي بعث في الأميين رسولا منهم يتلو عليهم آياته ويزكيهم ويعلمهم الكتاب والحكمة وإن كانوا من قبل لفي ضلال مبين ((الجمعة٢ )(هو الذي بعث في الأميين رسولا) چەند سیفەتی هەیە ئەو رەسولە: مەرحەلەی یەکەم: (يتلو عليهم آياته)، الرسول يتلوا علينا آيات الله، پاشان مەرحەلەی دووەم: (ويزكيهم).

مەرحەلەی سێ یەم: (ويعلمهم الكتاب والحكمة).

هەمووممان مەعلوممانە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وەختی خۆی ئوممی بووە، ئیذەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هیچ صەحابەکی مەطلەب نەگرتیە قەلەم و وەرەقە و دەفتەر بینی لەبەرامبەری دانیشی ئەلف و بێی لوغەی عەرەبی فێرکا، ئیذەن (ویعلمهم الكتاب والحكمة) قیرائەو کتابە نییە، (ویعلمهم الكتاب) یەعنی، القرآن، الحكمة: صیغ و تنزيل القرآن في الواقع، قورئان قەواعیدە، پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم فێریان دەکات، پاشان کو ئەو قورئانەی تەنزیل دەکەن لەبۆ ئەو واقیعەی کە تێیدا دەژین، ئەمما پێشی وی دوو مەرحەلەیتکە هەیە (یتلو علیهم آیاته) ئەگەر وەکو تەفاسیر بڕۆین، (یتلو علیهم آیاته) یەعنی دەبی ئایاتی قورئان بی عیلمەن لەوێش بەحسی ئەوەی دەکا (ویعلمهم الكتاب والحكمة)، ئیذەن (یتلو علیهم آیاته) ئایاتی قورئان نییە، إنما هناك آيات كثيرة وعديدة لله في كونه، ئایاتی زۆر زۆر هەیە بە بەلاین ئایات لەو کەونەی، کە قورئانیش ئایەتەکە لەو ئایەتانە، قورئانی موصحەفی کنەمە ئایەتیکە لەو ئایەتانە، رۆژ ئایەتەکە لەو ئایەتانە، شەو ئایەتە لەو ئایەتانە، خۆی وجودی ئینسان ئایەتە، ومن آیاته (هو الذي خلقكم من نفس واحدة) (الأعراف ١٨٩) هەموو وجود ئایاتە.

ئیذەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم حەلەقەی یەکەم لەگەر مەجموعەی یەکەمی صەحابە ئایاتی خیندیە: (یتلو علیهم آیاته ویزکیهم) کلمة(ویزکیهم) لە قورئان بە مەعنای تەطهیر نییە، خاوێن کردنەوە نییە، وە تەزکیە زەکات دەرکردن نییە لە ماڵ، کەلیمەی (ویزکیهم) أي وينمي إيمانهم، ئیمانیان لەبۆ زیادە دەکا، تەنمیە دەکا وفرەتی دەداتێ تەکثیر دەکا ئەو ئیمانە نەوع و صیغەی ئەو ئیمانەیان لەبۆ تەکثیر دەکا، ئەوجا پاشان (ویعلمهم الكتاب والحكمة) ئیذەن قەضیەی ئیمان پێشی قورئانە، ئیمان وەرگرتن پێشی وەرگرتنی قورئانیشە هەتا ئیمان مەوجود نەبی قورئان فایدەی نییە.

لۆیێ ئێستاش لە زەمانی مە، غەرببین وبالأخص مستشرقین لە قورئان لەمە زۆر زاناترن، موعجەم موفەهرەس هەیە موحتەمەلە ئەغلەبتان دیتبتان عالیمەکی ئەلمانی سی و حەفت ساڵ عومری لەسەر صەرف کردیە جولەکەشە ئیمانی پێ نەهێنایە سی و حەفت ساڵی رەبەق حەیاتی لەسەر ئەو موعجەمە قورئانەی حەیاتی صەرف کردیە هەتا موعجەمەکی دانایە، پاشی وی ئەوجا عولەمای ئیسلام هەستاینە محمد فؤاد عبدالباقی و ئیتکە تەبوییبیان کردیە، ئێستاش لایەزال موعجەمەکە لەکنەمە مەوجودە، ئەگەر بهاتبا ئیمان، عەن طەریقی قورئان بایە تەحصیلی ئیمان یان دروست کردنی ئیمان عەن طەریقی قورئان بایە دەبا هەموو موستەشریقەکان ئەو ئەغلەبیان مؤمین بن، وە ئەوانەی دیراسەی ئیسلام دەکەن ماعەدای موستەشریقین حتی عولەمای شەرقی ئەوەسەط و شەرقی ئەدنا، ما یسمی بالعالم الاسلامي، ئەوانیش ئەوانەی ئێستا شعورو عەقل و فیکریان بووینە غەربی ئەوانیش دیراسەی ئەگەر هەموویان دیراسەی قورئانیان نەکردبی ئەغلەبیان دیراسەی قورئانیان کردیە و

مەنهەجی وەرگرتنیان ئەغلەبیان لە قورئانەوەیە، کە ئیستیشهادات دەینن لە بۆ ئەقوالی خۆیان لە قورئانەوە دەردینن لەگەر ئەوەش ئیمانیان نییە یان ئیمانیان مەحدودە ئەو ئیمانیان فطریە وەکو ئەهلی کیتاب

ئەوجا ئا ئەو ریجالانە موقارەنە بکەین لەگەر ریجالی عەصری پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم چونکی دەرسی ئەوڕۆمان دەبا بەحسی ئەوەی بکەین پاشی تەئصیلی نبووەتی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم ئایاتی قورئانی لەبۆ دەهاتە خواری،عەن طریقی، جبریل، نەقلی دەکرد لەبۆ صەحابە حالەتەك موعەییەن دروست دەبی هەر لە ئەثنای بینائی ئایات، ئایاتی کەونی رەبط بکا، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە ئایاتی قورئانی.

پاشان ئەوجا دێینە سەر ئایاتی کەونی لەبۆ تەوضیح، ئەوە مەقطەعەکی کەیە لە دەرسەکەی برێین ئەوە فەرعی بائە، واقیعی زەمەنی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دیراسە دەکەین، چۆن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو ریجالانە وفقی ئەو ئایاتە کەونیانە پاشان تەردیفی کا بە ئایاتی شەرعی قورئانی، ئەو ریجالانە دروست دەبی کە ئەو ریجالانە دروست بوو، ئەمە بێین یاخود دێین دیراسەی دروست کردنی ئەو ئایەتانە دەکەین، ئەگەر هاتوو فیعلەن ئەمەش جالسین لێرە ئەو جەمعە مەقصەدی ثەقافەی ئیمانی نەبی مەقصەدی فیکر و عیلم نەبی دەتانی ئەو وەختی ئا ئەو صیەغی وەرگرتنی ئیمانە وەکو قەواعید لۆخۆی سەحبی کا، وە مومارەسەی بکا، بالنتیجة، ئەمن ضەمان دەدەم ئیمانی وەکو ئیمانی موصعەب و ئەبوبەکر بی،باتمام والتمام، بەس ناوی دەگۆرێ ئەو ئەبوبەکری زەمانی خۆی بوو ئەوەش دەبتە ئەبوبەکری زەمانی ئێستا، ضەمان دەدەم ئەمن بەو نەوعەی، بابزانین پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم چ نەوعە ریجالی دروست کردیە؟ بەو صیغەیەی، لەو فەترەیەی فەترەی نبوەت، پێشی ریسالە هاتن لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێغەمبەر لەگەر صەحابە مەشغول بوو ئایاتی بۆ دەهات چل سورەت دێتە خوارێ لەو فەترەیەی چل و قسور سورەت هەموو سورەتەکانیش لەدوو مەنحایە، دوو مەوضوع عیلاج دەکا ئەوەللەن الله پاشان الیوم الاخر، بەحسی مەلائیکەت، بەحسی جەننەت، بەحسی جەهەننەم، بەحسی قەضاو قەدەر، بەحسی کوتوب، بەحسی روسول نییە، الله و الیوم الاخر ئەو هەموو چل سورەتە دائیمە ضەوء و دائیمە نیشان گرتن لۆ ئا ئەو دوو مەوضوعەیە.

لۆوەی فیعلەن ئەو (الله) یەی کە لە شعوری عەرەب مەوجود بوو ئەمما وجودەکی دروست کراو، وجودەکی تاشراو، وەکو صەنەم ئەو (الله)یە لەناو قەلب و شعوریان مەوجود بوو، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هات ئا ئەو (الله)ی لە مێشکیان دەرهینا تەفجیری کرد، هەمووی سەحب کرد(الله)ی صەحیحی لە ناو مێشکیان دانا، کە فیعلەن (الله) بە موصطەلەحی رب ئا ئەو ربوبیەتەش بە دەرەجات

له قورئان: یەکەمین جار،رەبی مەخلوقاتە، پاشان ئەوجا باریئی مەخلوقاتە، پاشان مصەویری مەخلوقاتە، پاشان، رەبی جەمادە، دوایە دەبتە رەبی نەبات، دوایە دەبتە رەبی ئینسان، دوایە دەبتە رب العالمین، ئەو حەلەقاتانە لەناو مێشکی صەحابەی دادەنا ئەو صیەغە ئیمانە وەی کرد ئەو نەماذجانە دروست ببی، کێهان نموذەج قەطع دەکەی لە صەحابەکان ئا ئەوانەی فیعلەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەریان مەشغول بووبی، پێغەمبەر بەدەستی خۆی ئیمانیانی دروست کردبی ئەو حەفتا صەحابەیە کێهانیان قەطع کە لەوجود لە تاریخی صەحابەیتکە هەموو تەمەشا دەکەی لە هەموو میزاتی ئینسانی لە قیممەنە، بەرزترین دەرەجەیان هەیە، عیلمەن هەمووشیان طەبعەن بە میزانی ئینسانی ئەورۆش مەثەلەن لە عیلم لە ئیقتیدار لە ئیجتیماعیات لە عەبقەریات لە فیکر لە ثەقافە لە ئیدراك لە سیاسە هەموو بوعدەکی ئینسانی هەموو علومەك هەموو لە قیممە بووینە.

مەثەلەن عەقل بەسیطترین شت کە عەقلە ئا ئەو ئینسانانە کە لەوێ لە جەزیرەی عەرەبی موتەدەنی ترین ئینسان بووینە لە مستەوای عەقل بەواسطەی ئا ئەو بینائە موحەمەدیەی نقل دەبی لەبۆ ئینسانەك موتەمەیز، باوەڕ بکەن کێهان مەقطەعی سیرە وەردەگرن دیراسەی دەکەن کأنە ئەوڕۆیە، وە حکومەتەکی نازانم برێم لە چ مستەوایەکی ئینسانی ئەو خەرائیطانە دادەنێ کأنە ئەوڕۆیە هەرچی علومی سیاسە و فیکر و عەقل هەیە هەموویان ئیستیعمال کردیە، کأنە ئەوڕۆیە لەو زەمانەی تەکنەلۆجی و تەقەدوم و حەضارەت.

بەسیطترین میثال: لەبۆ ئیستیشهادە فەقەط، هەر لەو فەترەییەی کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە فەترەی نبووەت نەقل دەبی لەبۆ ریسالەت صەحابەکان جەمع دەکا لە جێیەك لە بوقعەك ماڵەك خاریجی مەککە بە کیلۆمەترەك زیاتر، ناوی مالەکەی صاحیب مالەکەی أرقم بن أرقم المخزومی، طەبعەن سەبەب هەیە لۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو ماڵەی لە دوری مەککە ئیختیار کرد، سێ ساڵی رەبەق کامیلەتەن عەدەدیان چل نەفەرە زیاد ناکا خۆی ناهێلی زیاد بکا چونکی دەیەوێ فیعلەن لەو چل نەفەرەی موحەمەدی گچکە گچکە دروست ببی، هەریەکە ببتە مەلائیکەتەك وەببتە ریسالییەك بتانی بەدیلی موحەمەداتی تەطبیق بکا لەو وەسەطەی کە تێیدا مەوجود دەبی، لۆیێ جوللی وەقتی پێغەمبەری ئەو سێ ساڵەی پێغەمبەر بەوانە بەو چل نەفەرەی خەریك بووە، عیلمەن هەموو ریسالەی بیست و سێ ساڵ بووە، لەبۆ هەموو کەون لەبۆ هەموو کورەی ئەرض بیست ساڵ، ئەمما لەبۆ ئەو چل نەفەرەی سێ ساڵ، بیست و چار سەعات تەقریبەن لەگەرە وانە مەشغول بووە.

لۆیێ کێهان نەمەط لەوانە کێهان ئینسان لەوانە سەحب دەکەی بینە تەشریحی کە لە هەر موختەبەرەکی ئینسانی تەمەشا دەکەی لە قیممەیە، لە هەموو مەعانی و مەفاهیم، دەبی ئا ئەو سێ ساڵە ئەو پێغەمبەرە چی دابیتە وانە؟ چی بەخۆی بە مومارەسە وەری گرتبی قەواعیدی ئیيمانی،

پاشان لەبۆ وانەی تەحویل کردبی خۆشی موشریف بی لەسەر صیغەی تەطبیق و تەحویلیان، بەسیطترین میثال: ئەمثیلە زۆر زۆر هەیە بە مەلاین ئەمثیلەمان هەیە مەجموعەکی کەم قەطع دەکەین بزانین ئەوانە فیعلەن پاش تەطبیقی ئەو قەواعیدە ئیمانیانە چیان لێ دروست بووە: علي بن أبي طالب موسوڵمانە عومری نۆ ساڵە، نۆ ساڵ طەبعەن تەمیزی عەقلی نییە منداڵی نۆ ساڵی تەمیزی عەقلی نییە لۆیێ موکەلەفیش نییە، حەتتا بە ئەبسەط قەواعیدی ئیسلامی مەطلوب نییە، عەلی عومری نۆ ساڵە عەقلی مەحدودە علمی مەحدودە، لە فەترەی (دار الارقم) ئەمما مامۆستایەکەی بەو نەوعەی بینای کردیە لەناو مەککە مەطلوبە لێی، لێی طەلەب کرایە هەرچی ئەخبار چاك یا خراپ بە نسبەت موسوڵمانان گێی لێ بی بە نسبەت صەحابە هەمووی سەحب کاو جەمعکا بیکاتە تەقریرەك زوو بیگەینتە مامۆستای خۆی کە پێغەمبەرە صلی الله علیە وسلم، دیارە فەترەی أشهر الحرم بووە، کە شەر ڕادەوەستی خەلك زۆر روو لەناو مەککەی دەکا لەبۆ عیبادەت لەبۆ طەواف وحەج کردن.

پێشی طەبعەن حەج فەرض ببی ئەوە حەجی قورەیشیەکان و عەرەبەکان بوو، لەناو سوقی عوکاظ سوقەکی زۆر قەرەبارغ و ئیزدیحامە، بازارە، لەوێ کابرایەکی ضەخم دەبینی دەم و چاو رەش زەعیف توندو تۆر، دیارە چاوی هەمووی غەضەبی لێ دەباری هاوار دەکا: کێ موحەمەی دەناسی نیشانمدا؟ کەس گێی ناداتێ هەمووی مەشغولە بەکڕین و فرۆشتن و شوعەڕا لەولا شعری خۆیان دەرێن ئا ئەو رەئیسی قەبیلەکان هەمووی لەولای دانیشتینە بە فیسق و فەسادی خۆیان مەشغولن، ئا ئەو کابرایە دەستی لەسەر شیری هاوار دەکا: کێ جێمحمد پێدەزانی نیشانمدا؟ ئیمامی عەلی عومری نۆ ساڵە ئەوەی رەصد دەکا دەبینی ئەو کابرایە واز لەو قسەیەی نایینی دەچتە کێهان گەڕەکی دوکانەکان و جێیە قەرەبارغەکان هەر هاوار دەکا: کێ جێی محمد پێ دەزانی یا محمد دەناسی با بمگەینتە کنی، لە غافلەتی ئەو برندە ئەویش گچکەیە لچکی دشداشەکەی دەگری و بەسەبری ئەوها ئەویش تەمەشای دەکا دەبینی مندارەکە، چت دەوێ؟ دەرێ بابچینە چۆلایی، دەیباتە چۆلایەتیەکی دوور لەبازارەکەی، دەرێ چت لەو کابرایەی دەوێ لە موحەمەدی؟ دەرێ: ئیشم پێیتی، ئیشت چییە؟ دەرێ والله لەکنەمە گێمان لێ بوو دەرێن ئیدعای نبووەت دەکا لە عاسمانێ ڕا خەبەری لۆدێ، گۆتم بزانم ئەو کابرایە مەدای صدق وحەقیقەتی ئەو شتەی چەندە؟ دەرێ: باشە ئەگەر نیەتت خراپ بی ئەتوو؟ دەرێ باشە کو ئیسپات کەم نیەتم خراپ نییە؟ دەرێ موقەدەسات لەلای تۆ چییە؟ دەرێ فلان و فلانە، دەرێ وەرە سوند بە موقەدەساتت بخۆ، لەوێ سوندی پێ دەخوا کە ئەو کابرایە نیەتی خراپ نییە، دەلێ برۆ سبەی لە فلان جێی ئینتزارم کە.

لۆ سبەی یەك دوو سەعات پێشی وی عەلی لەوێ حازر دەبی تەمەشا دەکا کابرا راوەستایە فەحص دەکا دەوروبەری دەبینی کەس نییە لە دەوروبەری، طەبعەن شەو کە دەگاتە قیادەی خۆی مامۆستای

خۆی پێی دەرێ نەفەرەك بەو نەوعەی و بەونەوعەی بەو ئەوصافانەی طەلەبی تووی كرد هاواریشی دەكرد لەناو مەككەی، كابرایەكی زۆر دەم و چاو غەضەبی و ئەوەش دیارە سەر بەموشكیلە و گێچەڵ بی مامۆستادەرێ موتابەعەی بكە ئەگەر لێی ئەمین بووی بیهینە، دەچی تەمەشا دەكا فیعلەن لە عەینی جێ راوەستایە، ئیتیفاقی لەگەر دەكا ئەمن دەتبەمە كن ئەو پیاوەی، عەلی پێی دەرێ دەتبەمە كن ئەو پیاوەی ئەمما ئەمن و ئەتوو بەینمان سەت مەتر ئەمن بە پێشت دەكەوم، ئەتو پاشی من بە سەت مەتر حەرەكەی دەكەی، لە چ جێیەكی دانیشتم دادەنیشی، كأنە قەزای حاجەت دەكەی كێوە چووم بەدوم دادێی كو شەقاوم هاویشت بەو نەوعەی شەقاو داوێی، چ نەوعەك ئاورم داوە ئاور دەدەیەوە، دەرێ قبولمە، بەدوی دەكەوی ئەو مندارە عومری نۆ سارە ئەویش كابرایەك عومری سی و پێنج سی و شەش سارە، زەعیمی كوری زەعیمی ئەو قەبیلەیە كە أبو سفیان و ولید بن موغیرە و ئەوانە هەمووی لێ دەترسان، قەبیلەكە هەمووی مەعروفە بە رێگری هەمووی چەتەنە، ئیشیان تجارەت نییە بەس چەتاتی نەبی، ئەوە كوری زەعیمی وانە.

بەدوی دەكەوی ئەو بەینی وی و بەینی عەلی سەت مەترە، سێ جار لەناو گەرەكەكانی مەككەی دادەنیشی ئەویش دەبی دابنیشی، لە پشت محاوەلە دەكا جارەك عەلی شتەكی فرە دەداتە عاردی ئاوڕدەدا تەمەشا دەكا نەوەك ئیدیكەی لە پشت بی كابرا تەمەشا دەكا هەر بەتەنێیە دەڕوا، دێتە دەرێ لە مەككە ئەویش هەر لە دویتی لەبۆ دار الارقم دەیگەینتە دار الارقم، كأنە لە دار الارقم حەتا لێدانی دەركەشیان موختەلیف بووە نەك تەپەتەپی عادی، برێین مەثەلەن ئەوها [مامۆستا بە دەستی بە جۆرێكی دیاریكراو تەقە تەق دەكات] ئا ئەوە عەناصری خۆیانە مەجموعەی خۆیانە ئەوە، ئەمما تەپەتەپی عادی كابرایەكی غەریبە حەذەری خۆتان وەرگرن، بەینی وی و بەینی عەلی سەت مەترە عەلی لە دەركەكەی دەدا بەونەوعەی دەچتە ژۆرێ، دەركەی قەپات دەكا دەرێ هات كابرا.

طەبعەن لە ژۆرێش حیمایەی هەیە كابرای حیمایە سیلاحی دەردەینی،

موتەرەصیدن بزانن ئەوەی دێ مەوقیفی چییە؟ دێ شەخصەكە لەو چۆلاتیەی كە چ نییە بەس خانیەك هەیە یەك غورفەشە، لە دەوری خانیەكەی دەسوڕێ مندارەكە نییە، حەتما مادام وایە دەبی بچوبێتە ناو خانیەكەی لە دەركەی دەدا دوو سێ جار لە دەركەی دەدا دەركەی لێ دەكرێتەوە دێتە ژۆرێ دوو سێ نەفەر دانیشتینە تەمەشا دەكا مندارەكە لەوێ نییە، یەكسەر پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم مواجەهەتەن دەرێ: ماذا ترید؟ دەرێ: والله مندارەكم لەگەر هاتبوو بزرم كرد نەمزانی كێوە چوو، لەو هەموو بەینەی تەمەشا دەكەن دەست لۆ شیری درێژ ناكا، چت دەوێ لە مندارەكەی؟ والله مندارەكە قەول بوو بمهینتە كن موحومەدی، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: (ها أنا محمد قل ما ترید) دەرێ: هاتیمە بەعزە سوئالان بكەم، ئەوجا دایدەنیشێنی ئیمامی عەلی لە پشتیتی، كأنە،

دائیرەی ئەمنی ئەوڕۆیە ئەوهاعەلی فێرکردیە، فیعلەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئە بەو نەوعەی عەلی دانایە دەرسی عەلی دایە ئەوها بکە، ئەوها بکە، ئەوها بکە؟ لە جەواب بە هەموو قەناعەتم دەرێم نەخێر، چونکی ئەگەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەوها تەفصیلی حەیاتی ممارەسەی حەیاتیانی فێر کردبایە، دەبا عومری پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم لە دووهەزار سێ هەزار ساڵ زیاتر بی.

کێهان صەحابە وەردەگری ئا ئەوە عەقل و ئیدراك و فەهمیانە، وەرگرە رەبعی، وەرگرە مەواقیفی ئەبوبەکر، وەرگرە عوثمان، جەعفەر، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دبلۆماسیینی هەبووە، شخوصی هەبووە دبلۆماسی بووینە، هەریەکە تەخەصوصی خۆی هەبووە، مەثەلەن جەعفەر دبلۆماسی بووە، ئەمما لە مستەوای ملوك، لۆیێ تەمەشای سیرە بکەن کە جەعفەر قسان دەکا لەگەر نەجاشی مەلیکە فیعلەن لە مستەوای ملوك قسان دەکا، موصعەبیش دبلۆماسیە ئەمما موصعەب لە مستەوای عاممەیە، موصعەبیش کە دێ قسان دەکا لەگەل سەعد بن موعاذ لە مستەوای سەعد قسان دەکا، ئەگەر بهاتبا جەعفەر لەگەر موصعەبی جێیان گۆڕیبا خەلەل دروست نەدەبوو، چونکی نەفسی مامۆستایە فێریانی کردیە، باشە ئەبجەدیاتی دبلۆماسیەت ئەبجەدییاتی تەعامول لەگەر ئا ئەو کابرایەی کە دەیویست محمد ببینی، کە ئەبو ذەری غیفاری بوو، هەر صەحابیەك هەر نەفەرەك لەوانە قەطع کەین ئەگەر فیعلەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئا ئەو هەموو شتانەی فێر کردبی، دەبی زەمەنەك و جوهدەکی زۆری لەگەر صەرف کردبن، باشە ئەدی ئەوانە کو فێر بووینە؟ لە کێ فێر بووینە؟

لە جەواب رب العالمین، جەوابمان دەداتەوە دەفەرمی: (ومن یتق الله یجعل له مخرجا)(الطلاق ٢)،(واتقوا الله ویعلمکم الله)(البقرة٢٢٨) التعلیم، الله هو المعلم، ئەو فێری دەکا کە خۆی تەسلیمی خوای کرد، خوا فێری دەکا، ئەو کەلیماتانەی کە بەسەر زمانی دادێ ئا ئەو کەلیماتانە الله لۆی دروستی دەکا، چونکی ئەو ئینسانە کوشەن قاطیبەتەن، نەك موصەدیقە بە الله، موئمینە بە الله نەك مەثەلەن ئایاتی لۆ دەخێندرێ سەری دەلەقینی دەرێ راستە تەواوە، نەء ئەوەندە ممارەسەی ئەو ئایەتانەی کردیە ئەو ئایەتانە هەمووی بویتە جوزئەك لە کیانی لە بەدەنی، وەکو ناوی، کو لە ناوی خۆی غەرەت ناکا، لەخواردنی ناباتە ناو گێی، کە فیعلەکە عەمەلە ئا ئەو ها ممارەسەی ئیمانییاتی بەو نەوعەی کردیە بوویتە کیان لە بەدەنی وەکو جلکی، ئا ئەو ئیمانیاتانە ئەوەیە مەقصودم بە گۆترە وەرنەگیرایە قەواعیدی خاصی خۆی هەیە هەر وەقتەك ئەو قەواعیدانە وەربگیرێ دیسان.

باوەڕبکەن ئەگەر نەشزانی مەلائیکەتی لۆ دینتە خوارێ، مەلائیکەت دێتە خوارێ بە دیلی ئا ئەو ئینسانەی مەوقیف دەنوێنی شت دەکا، ئەمما چ؟ فیعلەن ئەو ئینسانە موئمین بی بە رب العالمین، وفقی ئیمانی صەحابە نەك وفقی ئیمانی کوتوب، بە عەشەرات کتاب بخینی فیعلەن موثەقەف بی لە

ئیمانیات، مێشکی پڕی موصطەلەحاتی ئیمانیات بی، دەیەها جار کتابی فلان موئەلیفی رەحمەتی خوای لێ بی، فلانکەسی شەهید بخینی، فلان نەفەر، ئەمما خۆی لەناو داخیلی خۆی موستەسلیمە لە بۆ صاحێبی کیتاب موستەسلیم نەبی لەبۆ (الله)ی، یەعنی ئوسوەتی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم تەحریکی نەکا ئەمما کیتابی فولانی فەتوای فولانی مەوقیفی فولانی تەحریکی بکا، ئەو وەختی دەبی ئەو ئینسانە موراجەعەی خۆی بکا، موئمینە بە فلان شەخص نەك مؤمنە بە (الله)ی، موئمینە بە فلان شەخص، عیلمەن ئەوە کوفرە والعیاذبالله، نەك موئمینە لە بۆ الله.

خەلەلەکەی مە لێرە ئەو مەوضوعەیە، لۆیێ بەمن ضروریە ئەمەی گەنج موراجەعاتمان لە ئییمانیات بی، لۆیێ هەرچی عەمەلەك لە قورئان سەبق کرابی پێشترێ کەلیمەکی لە پێش هاتیە، ئیمان، قاطیبەتەن لە سورەتی فاتیحەوە هەتا(قل أعوذ برب الناس) (الناس ١) چ عەمەلەك لە ئینسان قەبول نییە هەتا ئیمانی نەبی (الذين آمنوا وعملوا الصالحات) (البروج ١١) صالیحاتیش بەو نەوعەی بی کە خوا خۆی دەیەوێ، وەکو لەسەر زمانی ئەو پێغەمبەرەی: (وأن أعمل صالحا ترضاه) (النمل ١٩) نەك صالحەکی گۆترە، ئەویش صەلاحەکی فەوضەوی ئەویش نییە، ئەویش قەواعیدی خۆی هەیە قانونی خۆی هەیە، رضوان الله تەحصیل دەکەی بە قانونی خۆی وفقی رب العالمين خۆی بیرێ، موحتەمەلە ئەمن برێم شەوێ نانوم هەتا سبەینێ هەر نوێژان دەکەم، ئەمما ئایە ئەوە فیعلەن صەلاحە،(رضوان الله)ی لەسەرە؟

لە جەواب دەرێین نەخێر، موحتەمەلە زۆر شت دەکەم ئەمن بەنیەتی چاکی ئیشەکە چاکە ئەمما (رضوان الله)ی پێ تەحصیل ناکەم، رضوان الله وفقی مەعاییری خواییە لە قورئان مەوجودە لۆیێ: (هو الذي بعث في الأميين رسولا منهم يتلو عليهم آياته) (الجمعة ٢) (يتلو عليهم آياته)، پاشان(ويزكيهم ويعلمهم الكتاب والحكمة وإن كانوا من قبل لفي ضلال مبين)(الجمعة ٢)، دیارە پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم ئا ئەوهای کردیە لە بیدایەت مەرحەلەی یەکەم بەو نەوعەی رۆیشتیە، ئەوجا سەبر سەبر: (ويعلمهم الكتاب والحكمة) (الجمعة ٢) لايعلمهم القرآءة والكتابة، ألف و بێ و تاءو ثاءو جیم و حاء، ئصول فیقهـ و تەفسیرو ئەوانەی فێرنەکردینە، (يتلو عليهم آياته) (الجمعة ٢) ئیذەن ئەصلی قەضییە تلاوة آيات الله الكونية، ئەوە ئەصلی مەوضوعە کە ئایاتی کەونی لەو کەونەی هەمووی دیراسە کرا رەبط کرا بە رب العالمين، فیعلەن رب العالمين بووە رب العالمين لەناو قەلبی ئینسانی موئمین، وەخاصەتەن گەنج، ئەو وەختی ثەمەراتی دەبی، ئەو وەختی ئیستیسلامی دەبی، ئەو وەختی فیعلەن موصعەب ئیعادە دەبتەوە بەناوی کاوەی بەناوی سفین بەناوی مەولود بەناوی عەمر زەید...، ئی ئەوڕۆ موصعەب ئیعادە دەبتەوە، جەعفەر ئیعادە دەبتەوە نەمەطی صەحابە کوللەن ئیعادە دەبنەوە.

چونکە ئەگەر بهاتبا بەقائی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم ئەصل بایە لە قەضییە دەبا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وەفات نەکا، ئیذەن ئەگەر ئەمە تەصەورمان کرد ئەو قورئانە حەیەویەت و نەشاطی زەمانی صەحابەی نەمابی ئەمە دەبێ موراجەعەی ئیبمانی خۆمان بکەین، چونکی ئەوە کوفرە، هەر وەقتەك قورئان بە نەفسی حەیەویەت بەنەفسی معیار ئینسان دروست نەکا دەبی تەشکیك لە قورئان بکەین، ئەگەر قورئانەکە نەفسی حەیەویەتی زەمانی پێغەمبەری مابی دەبی موراجەعەی خۆمان بکەین، ئەمە شەك لە خۆمان بکەین، تەشکیك لە خۆمان بکەین لۆ ئەمە ئیمانمان وەکی موصعەب و ئەبوبەکری نییە؟ دیارە خەلەلەکە لەمەیە، ئەبسەط شت ئیمانمان تەقلیدیە عیلمەن ئەوە مەرفوضە، لۆ؟ چونکی رب العالمین بەنسبەت صەحابە، سوئالی ئیستینکاری بووە: (ولئن سألتهم من خلق السماوات والأرض ليقولن الله) (لقمان ٢٥)، حەتتا کەلیمەی رب العرش العظیم لەکنیان بوو، یەعنی رەب هەیە عەرشی هەیە، عەرشەکەشی عەظیمە، ئەو موصطەلەحانە هەموو لە شعوری قورەیش مەوجود بوو، لەگەرە وانیش ئیعتیبار لەبۆ ئەو ئمورانە ناکرێ لۆ؟ چونکی هەمووی مەعریفەنە عیلم نینە، هەمووی مەعاریفن.

کو ئەمە دەزانین مەثەلەن لەو هەوایەی میکرۆب هەیە ئەو هەوایە میکرۆبی تێدایە ئەوە مەعریفەیە، ئەمما ئایا هەموو وەختەك لە مێشکمانە؟ هەموو وەختەك لەمێشکمانە کەئەو هەوایە میکرۆبی تێدایە؟ هەموو وەختەك لە مێشکمان نییە، بەوەی دەگۆترێ مەعریفە، ئێستا ئەمە دەزانین لەو جەوەی مەلائیکەت مەوجودە ئێستا حالیەن لەو جەوەی مەلائیکەت هەیە، باشە هەموو وەختەك شعورمان هەیە کە فیعلەن لەگەرمان مەلائیکەت هەیە؟ (کراما کاتبین، یعلمون ما تفعلون) (الإنفطار ١١/١٢) لۆ وەکی مەعریفەی میکرۆبی ئەوهاش ئەمە مەعریفەمان هەیە بە مەلائیکەت، ئەوهاش مەعریفەمان هەیە بە الله کە (رب العالمین)ە نەك ئیمانە.

ئەوە نەفسی حالەتی موستەشریقین، نەفسی حالەتی ئەهلی کیتابی قەدیم ٠زەمانی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم: (الذين آتيناهم الكتاب يعرفونه كما يعرفون أبناءهم) (الأنعام ٢٠) قەضیە مەعریفەیە ئیمان نییە ئەوە ئەهلی کیتاب قورئان و محمد ئەوها دەیانناسی کە کو منداری خۆیان دەناسن، بەو نەوعەی دەیانناسی، ئەمما ئایا ئەوە فیعلەن بووە سەبەبی ئیخراجیان لە جەهەننەم بۆ جەننەت؟ نەخێر، بە کافر مردن ئەو مەعریفەیە عیلاج نییە و حەل نییە دەبی ئا ئەو مەعریفەیە تەحویل بی لەبۆ ئیمان، ئیمانیش قەواعیدی خاصی خۆی هەیە بەرامجی خاصی خۆی هەیە، دەبی ئا ئەو قەواعید و بەرامیجانە مومارەسە بکرێ مومارەسە وەکو موختەبەر، وەکو ئێستا ئەمە فێرە سیاقەت دەکرێین دەورەی تەدریبی هەیە دەچین بە کابرای موشریف دەرێین بابە فێرە سیاقەتمان بکە فێرە سەیارەمان دەکا ئەوە ستێرنە ئەوە کلاجە ئەوە گێرە ئەوە ستۆپە، بەو نەوعەی بەنزینە ئەوە ئیشارەتە فولانە هەتا

مەعاریفی نەظەری، پاشان سوارمان دەکا بابچین لۆفەکی لە شێستی بدەین، بەو عەمەلیاتە بە چەند جارەکی پێی دەگوترێ ممارەسە، وەی لێ دێ جەنابم کە فێری سایەقی دەبی موحتەمەلە زۆر مەشاکیل و غەمیشی هەبی ئەمما سەیارەش داژوا، ئەوەندە لێراهاتیە ئەوەندە سیاقەتی کردیە، سیاقەتی کردیە، سیاقەت کردن لەکنی بوویتە شتەکی طەبیعی و بەدیهی سایەقی لەسەر ستێر نیمە، سەیارەی دەهاژۆم فوجئەتەن مندار دێتە پێشم یەکسەر ئستۆپ دەکەم، پێویست بەوەی ناکا کابرا فێری سیاقەتی کردیمە ئاگات لێ بی ئەگەر مندار هات دەبی ستۆپ بکەی نەخۆ لێی دەدەی دەعم دەبی و دەچیە مەحکەمەی و خەستەخانەو سجن و.. إلى آخره، پێویست بەوانە ناکا ممارەسەم زۆر کردیە ئیدی بوویتە مەلەکە لە بەدەنم.

مەثەلەن: زۆر طەبیعی یە ئێستا بەمن برێن مەکتوبەکی بنووسە دەست دەکەمە قەلەم و مەکتوبەکەی دەنووسم، لۆ؟ وەختی خۆی ممارەسەی نووسینم کردیە، فێرکرایمە نووسین بنووسم ئا ئەو نووسینە ئێستا لەمن بوویتە مەلەکەت، سیاقە لەمن بوویتە مەلەکە، ئیمانیش ئەوها ممارەسەی هەیە، حەتتا ئەو ممارەسەیە نەکرێ فایدەی نییە ئەمە بە عەشەرات کیتاب بخینین بەسەدەها سورەت لەبەر کەین فایدەی نییە، حەتتا وەکی پێغەمبەری(قم الليل) (المزمل ٢) نەکەین (يتلو عليهم آياته) (الجمعة ٢) قبول نەکەین، حەتا بەو مەراحیلانە دانەڕۆین خۆمان لەناو داخیلی خۆمان ئیجادی الله لەناو داخیلمان نەکەین فایدەی نییە، هەموو کوشن نەظەریاتە لۆیێ دەرسی پێشترێ گۆتم بەو نەظەریاتانە قەناعەتمان هەبی ئەو جەمعە ناتانی خطوەك لەبۆ ئەو ئیسلامەی نە خۆمان بێینە پێش، رضوان الله، تەحصیل کەین، نە خطوەك بەو ئیسلامەی بچینە پێش، ئیسلام خطوەك ببەینە پێش.

ناتانین، بەینی مەو بەینی جاددە دە مەترە بەینی مەو بەینی ئەسواق پەنجا مەترە لە حەفتاکانیش هەر ئەو گەنجانە بوون هەر ئەوەندە گەنج هەبوون لە هەولێرێ حەفتاکانیش، لۆیێ لە حەفتاکانیش قەصاب نەبوو لەناو شاری هەولێرێ موسوڵمانی مولتەزیم بی ئێستاش قەصاب نییە لەناو شاری هەولێرێ موسوڵمانی مولتەزیم بی، نییە، لۆ؟ چونکی ئیمان تەحویل نەکرایە، هەر لە بوعدی ئیسلام ماینە، چ نەوعە ئیسلامەکیش ثەقافەی ئیسلامی لەناو کیتابی ئیسلامی بەس دێ کتابەکەی دەگری موتەئەثیرە بە کتابەکەی، فەترەك من الفترات رۆژەك دوو رۆژ حەفتەك دوو حەفتە پاشان کتابەکیتکە وەردەگری، ئەو فەترەیەش دیسان لەگەر ئەو کتابەی، ماشا الله ئەوجا ئەلوانی کوتوب چەند زۆرە، نەمان تانیە ئەمە خۆمان لەناو داخیلی خۆمان ئەو قاعیدەیە دروست کەین، بەمن موجامەلات نەکرێ باشە لەگەر رب العالمین.

یەعنی ئەگەر بمانەوێ فیعلەن رضوان الله بە ئەکیدی بێ ئەوەی لەگەر رب العالمین، تەفەنون و دبلۆماسیەت بکەین، بە ئەکیدی وفقی ئەو قەواعیدانە دابڕۆین، دەنا قەناعەتتان هەبی هەر ئەوها

دەمینێین، مەثەلەن نەك لە مستەوای تەقوا بەرز ببین ئیننەما زۆر جار گوناهـ لۆخۆمان تەحریف دەکەین، ئەمن هەتا نەزانم رب العالمین رەقیبە لەسەرم، هەتا نەزانم رب العالمین سەمیعە وە بەصیرە وە مەوجودە، ئەوجا پاشان حەسیبە لە غیبەت کەم ناکەم، با عەشەرات جار ئایەتی غەیبەتیش بخینم، هەمووی مەعریفەیە لە مێشکم، ئەمما کە مومارەسەم کرد الله لەگەرمە دەمبینی گێی لەمنە، مەوجودە، حەییە حاضرە ناظیرە، ئەو وەختی بمەوێ غیبەت بکەم: زمان باشە ئەمن قسان بکەم الله گێی لێیە، بابە گێی لێیە (الله دەمبینی ئەو وەختی غەیبەتەکەی ناکەم، ئەو وەختی نەزەرەکەی ناکەم، ئەو وەختی غەدرەکەی ناکەم، غەششەکەی ناکەم، خیانەتەکەی ناکەم، کە ئەوەم نەکرد باشە چ دەکەم؟ ئەو وەختی راست دەرێم، چاك دەکەم، ئەمر دەکەم بە چاکە لەبۆ چاکە دەڕۆم، لەگەر موئمینین باش دەبم، لۆیێ لە قورئان هەموو ئەعمالی صالح مەربوطە بە ئیمان نەیگۆتیە بە ئیسلام، ئەعمالی صالح مەربوط نییە بە ئیسلام.

لۆیێ لە قورئان لە هیچ جێیەکی نەهاتیە، یاأیها الذین أسلم، بەتاتەن نەهاتیە، (یا أیها الذین آمنوا) (البقرة ١٠٤)، (یا أیها الذین آمنوا) (البقرة ١٠٤) هەر ئەوەیە ئەگەر فیعلەن ئێمە موخاطەب بین بە قەضیە، موخاطەب نەبین بە قەضیە، خۆمان بە موخاطەب نەزانین موشکیلە نییە: (الذین آمنوا وعملوا الصالحات) (العنکبوت ٥٨) باوەر بکەن هەتتا ئیمانمان بە ئایاتی نوێژ نەبی نوێژمان صەحیح نییە، نوێژ بەو نەوعەی نییە کە ئێستا ئەمە دەیکەین، دەبی ئیمان بە ئایاتی نوێژ بینین ئەوجا ئۆتوماتیکیەن نوێژەکە دەکرێ، ئەوجا ئەو نوێژە ئەو قاعیدەیەی لەسەر تەطبیق دەبی: (إن الصلاة تنهی عن الفحشاء والمنکر) (العنکبوت ٤٥) نەخۆ زۆر جار ئەو نوێژەی کە ئەمە دەیکەین لەگەر نوێژی موناففین والعیاذ بالله زۆر فەرقی نییە.

نوێژ دەکەین وەکو بەشێك لە مەعنای حەدیسی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم لەسەری تەطبیق دەبی (لیس من صلاته إلا العشر)(رب مصل و الصلاة یلعنه) لۆ؟ هەر لەناو خۆمان بپرسین ئێستا ئەمە بەحثەکی بکەین ئەکادیمی بەبێ ناو، لە بەینی خۆمان لەسەر وەرەقەی بنووسین، وەرەقە تەوزیع بکەین بە صادیقی ئەمنیش لەگەرتان طەبعەن، لە خۆمان بپرسین لەسەر وەرەقەش بنووسین ئەمن کەچار رکەعات نوێژی عەسرم کرد لێرە لەو پێنج دەقیقەی چەندی لۆ خوای بوو؟ تەحەددا دەکەم سێ دەقیقە لۆ خوای بوبی، ئیلاهـ فکر رۆیشتیە ئیلاهـ ئەوجا ناچتە بەغداو موسرێ ناچتە پێش سینەما و باڕان نەء، فکری مە ناچتە ئەو جێیانە فکری مە دەچتە کێندەرێ شەیطانی مە زیرەکە زۆرعاقلە، دەچتە موناقەشەی بەینی موسوڵمانان، دەچتە مەشاکیلی فیتەنی ناو موسوڵمانان، هیچ نەبی هیچ نەبی مەشاکیلی موسوڵمانیشی لە فکر نەبی دەچتە غەلائی مەعیشە ئەها شەکر ئەوەندە بوو دۆلار گران بوو فلان بوو یان لەمالێ هاتیە دەرێ بە پاسی ئا ئەوەت دەینیتە پێش چاوی شەیطان لۆ؟ چونکی

ئیمانمان بە ئایاتی نوێژ مەحدودە، طەبعەن نوێژی نیوڕانێ ئایاتی خاصی خۆی هەیە، نوێژی عصر ئایاتی خاصی خۆی هەیە، نوێژی سبەینێ ئایاتی خاصی خۆی هەیە، كذلك عشاء و مەغریب، دەبی هەر وەقتەك ئیمان بە ئایەتی نوێژەكە بكرێ، وە ئیمانەكە ئەو ئایەتە لەناو قەلبمان مومارەسە بكرێ، ئەوجا نوێژەكە دەكرێ حەقی نوێژەكەش دەدرێ.

فیعلەن ئەو وەختی وەكی ئەو صەحابەیە دەبین كە دەیگۆ: ئەگەر بهاتبا گوناهم بكردبا بەینی نویژی نیوڕانێ و سبەینێ دەمزانی نوێژی سابقەم قبول نەبووە، لۆ؟ قاعیدەیە، إن الصلاة وەكو میزان وەكو موعادەلەی كیمیاوی: (إن الصلاة تنهى عن الفحشاء والمنكر) (العنكبوت ٤٥) دوو سیفەتی هەیە فەحشاء و مونكەر بە چ؟ بە ئیمان، ئیمان قەواعیدی خاصی خۆی هەیە گۆترە نییە فەوضا نییە بە كوتوبیش ئیمان دروست نابی، باوەڕ بكەن بە قورئانیش ئیمان دروست نابی دە جوزء قورئان بخینە، شەو هەتا مومارەسەی ئیمان نەكەی فایدەی نییە: (یتلو علیهم آیاته ویزكیهم) (الجمعة ٢) ئەوجا پاشان مەرحەلەی سێ یەم: (ویعلمهم الكتاب والحكمة) (الجمعة ٢)، (هو الذي بعث في الأميين رسولا) (الجمعة ٢) ئا ئەوە سیفەتی بووە هەتا تیلاوەتی ئایاتی كەونی بەشەویش نەخیندرێ مومارەسە نەكرێ چاو نەچوقێندرێ بە شعور محاوەلە بكەی جەذبی شعورت بكەی ئەو حالەتە مومارسە بكەی ئەو وەختی نەتائیجی دەبی، كە نەتائیجی بوو بە خلوق بە سلوك خۆت ئیحساسی پێ دەكەی.

مەثەلەن موسوڵمان هەیە ئێستا ئەو حالەتانە تەطبیق دەكا وەكو تەجروبە لەسەر خۆی، خۆی بە قەناعەتی خۆی دەرێ ئێستا وەكی جاران نیمە لەبۆ نەزەر، وەختی خۆی مەثەلەن كە دەهاتم دەهاتمە ناو شاری بازار تەمەشای سافیرەم نەدەكرد ئەمما شەیتان لەبۆی تەبریر دەكردم، دەیگۆ تەماشای ئەو محەجەبەی بكە بزانی ئەو خوشكە تەطبیقی حیجابی تەواوە یان نا، دەیگۆ بەو فێرەی تەمەشای موحەجەبانم دەكرد لۆ خۆم بزانم فیعلەن دەرمانی لەخۆی دایە یان نا؟ حیجاب تەسكە یان فراوانە؟ حیجابەكەی رەنگی كوە؟ موزەكەشە؟ ملەوەنە؟ رێك و پێكە ئا وەكی تەمەشام دەكرد طەبعەن نەزەری كردیە، ئەمما شەیتان زۆر زیرەكە لەبۆمە پاشان ئەوجا دەرێ ئیحساسم دەكرد ئەوە نەزەرە، چونكی دەم و چاوی ئافرەتەكەی لە مێشكم طەبع دەبوو، دەیگۆ تەمەشام دەكرد ئەها مع الاسف ئەو خوشكەمان تەمەشای ئەها سێ چار كەلە پرچی لەدەرێ بوو، ئەها فلان خوشكمان حیجابی تەواو نەبوو ئێرەی تەسك بوو، فلان خوشكمان حیجابی كورت بوو، لاقی چار پەنجە لە دەرێ بوو، ئەویتكە ئای، یارەبی خودا رووی سپیكا حیجابی زۆر مەزبوط بوو، ئەوها وەكو موفەتیش تەمەشای كردیە قل بە قل.

ئەوجا پاشان بەستەزمانەی موراجەعەی خۆی دەكا، ئۆهـ ئەوەش فێرەك بوو فەننەك بوو شەیتان لێی كردیمە، سوندی دەخوارد دەیگۆ موحتەمەلە بیست سال و قسورە نەچوویمە سینەمای، طەبعەن كابرا

گەورەیە دابوو لە گەرەوەش نەزەری پێ دەكرد، لۆیێ شەیطان زیرەكە ئەو حالەتەش ئیحساسی پێ ناكرێ، موحتەمەلە ئەمن ئێستا دانیشم بەحسی موسوڵمانەكتان لۆ بكەم بەحسی برایەكتان لۆ بكەم كأنە درم پێی دەسوتێ زگم پێی دەسوتێ بەستەزمانەی ئەو موسوڵمانە و(الله)ی ئەوهای كرد فەقیرەی، ئەوها تووش بوو، عیلمەن قەضیەكەش غیبەتە مەوضوعەكە غیبەتە، كأنە ئەمنیش زگم پێی دەسووتێ لۆم بەحس كردینە، مع الاسف موشكیلەكی ئەوهای لۆ بوو ئەمما بەستەزمانەی یەمعەوەد خۆی ئەوها بوو خۆی حالەتەكە بەو نەوعەی بوو، ئەوها نەتیجەی ئەوهای لێ هات، غیبەتە ئەوە كەینێ ئینسانی موئمین حس دەكا فیعلەن ئیمانی حەقیقی بی، حس دەكا فیعلەن ئا ئەوە هەمووی خەلەلە شەیطان پێی دەكا، لۆیێ تەمەشا كەن هەر لەناوەمە بەعەشەرات گوناهـ هەیە.

مەثەلەن: سوء الظن، سوء الظن، دەزانن چەند زۆرە لەناوەمە بەحس ناكرێ، حەسادەت دەزانن چەند زۆرە، ئەوانە هەموو گوناهن، هەموو كەبیرەن، هەموو كەبیرەنە وەكی زینای: (وذروا ظاهر الإثم وباطنه إ) (الأنعام ١٢٠) گوناهـ هەیە پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: (والبغضاء هي الحالقة لا اقول تحلق الشعر ولكن تحلق الدين) (رواه الامام احمد)، دین حەلق دەكا هەر هەمووی گوناهیشە بە قەلب دەكرێ، لە نەزەری پیسترە موحتەمەلە لە كەبیران گەورەتر بی، فە ئەوانە هەمووی ئەمە موبتەلاینە پێوەی، سەبەب چییە؟ ئیمانمان ئیمانی نەظەریە ئیمانمان ئیمانی ثەقافیە، ئیمانمان وەكو ئیمانی صەحابەی نییە.

ئەنەس ئیبن و مالك لەسەرمێزی دانیشتیە عارەقی دەخوا صەحابیشە لەناو مەدینە عومری هەشتاو قسورە مودمینترین ئینسانە لەبۆ عارەق خواردن، هەموو بەدەنی بوویتە ئارەق، هەموو خینی لەگەر عارەقە، حەفتا ساڵە عارەقی دەخوا، دانیشتیە لەسەرمێزی عارەق، عارەقی دەخوا لەگەر مەجموعە صەحابەكی، هێشتا ئایەتی عارەق حەرام كردن نەهاتتە خوارێ، واذا بە فوجئەتەن لە دووری یەك هاوار دەكا ئەویش پێكی لەدەستە قومیشی لێدایە لە دەویتی، یەك لە دوور هاوار دەكا: (أيها المؤمنون إن الله قد أنزل في الخمر تحريما) هەر ئەوەندە گێی لێ بوو، ئەوەی ناو دەوی فرەدا، ئەوجا پاشان پێكەكەشی لە عاردیدا شكاندی مودمینیش بوو، ئیحتیاجی بەوەی نەكردیە بیبەنە موصەححا بیبەنە موستەشفەیات، حەفتا ساڵە عەرەق دەخوا، هەر ئەوەندە گێی لێ بوو یەكسەر تەطبیق دەكرێ، قوم لەناو دەوی بوو دەیتانی بینتە خوارێ یا ئەوەش بێتە خوارێ بەس لە گەر (رب العالمين)ی یەكن، موحەمەد صلی الله علیه وسلم ئا ئەو حالەتە ئەو دینەمۆیەی لەناو قەلبیانی دانایە لە ناو شعوریانی دانایە ئا ئەو دینەمۆیە دائیمە پێیە نەكوژایتەوە هەموو وەقتەكی ئیش دەكا، بە الله ئیش دەكا خین دەفع لە بۆ مێشك خین دەفع دەكا لە بۆ خوارێ هەر الله دەرێ ئا ئەو حەیەویەتە قاعیدەی ئیمانی دروستی دەكا.

دیارەمحمد صلى الله عليه وسلم سێ ساڵی رەبەق لەگەر ئەو صەحابانە بەوەی مەشغول بووە ئینسان دروست کا صەحابی دروست کا، نەك موئەلیفین مونشیدین دروست کا، نە موسوڵمانەك من نوع معین، یەك سیفەتی هەبی نەء صەحابی دروست دەکرد لەبۆ قسەکردن زۆر زیرەك بوو لەبۆ تەکلیم و تەبلیغ زۆر زیرەك بوو لەبۆ تەعلیم زیرەك بوون، کە دەچوونە قیتالیش شەڕکەر بوون لەعەینی وەقت، لەکێهان بوعد وەردەگری دەرەجەی ئەعلایە، بە چ؟ (هو الذي بعث في الأميين رسولا منهم يتلو عليهم آياته ويزكيهم ويعلمهم الكتاب والحكمة وإن كانوا من قبل لفي ضلال مبين)(الجمعة ٢).

ئەوجا صەراحەتەن با عارەب گۆتەنی زیاتر سەرتان نەیەشێنم،لانطيل عليكم الحديث، ئەمما قاصیدی ئەو دەرسانەمان ئەو شتانەیە صەراحەتەن ئەمن ثەقافەی سیرەم پێ نییە، ثەقافەی سیرەم پێ نییە، ئەوەندەم پێیە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کو ئەو قورئانەی تەحویل کردیە لەبۆ واقیع وە حەزم لێیە، إن شاء الله، ئەمە هەموومان ئەنگۆش موعینی من بن هەمووممان وەعد بدەین بتانین واقیعییەن ئەو قورئانە فەهم کەین، وە ئەو قورئانە تەحویل کەین لەبۆ واقیع هەضم کەین ئیمتصاصی کەین مومارەسەی کەین پاشان تەحویلی کەین لەبۆ واقیع، بە چ؟ بە وەرگرتنی ئیمانی حەقیقی ئیمانەك رەببانی کە تەحویل دەکرێ لەبۆ بەشەر وەکو موصعەب و طەلحە و زوبێر و خالید نەوعیاتی وان، ئەوجا پاشان دەتانین ئموریتکە بکەین، پاشان دەتانین ئەوەی دەیەوێ موڕەبی بی دەبتە موڕەبی، ئەوەی دەیەوێ موقاتیل بی ببتە موقاتیل، موشکیلە نییە ئەمما دەبی ئەو خطوەیە بکرێ، ئەو خطوەیە نەکرێ موڕەبی دەبتە موڕەبی لەبۆ فیئەك لەبۆ حزبەك لەبۆ جیهەك لەبۆ ئتیجاهەك لەبۆ ئەشخاصەك، نەك لەبۆ خوای، موقاتیلیش دەبتە موقاتیل لەبۆ فیئەك لەبۆ فیکرەك لەبۆ مەجموعەك لەبۆ هەیئەك مەوضوعەك، لۆ خوای نییە ئەمما ئەگەر هاتوو فیعلەن ئیمانەکە مەوجود بوو ئا ئەوە لەوێش دەوری خۆی دەبینی، ئەوەش لەوێ دەوری خۆی دەبینی کێهان ئایەت حسی کرد لەسەری تەطبیق دەبی ئا ئەوەی تەطبیق دەکا، کە دەگاتە وەقتی نیوڕانێ مومارسە ئیمانیەن لەبۆ سوەری نوێژی نیورانێ ئوتوماتیکیەن هەموو بەدەنی دەبی نوێژ کا، ئۆتۆماتیکیەن هەردەستی لەبۆ نوێژێ بەبێ ئەوەی جوهد لەسەر خۆی صەرف کا، ئەو ئایەتەی لێرە تەطبیق کرد ئایاتی دەعوە لەوێ لەسەری خۆی ئەوها، رب العالمين ئەوها تەهیئەی دەکا خۆی ئەوها دەبی دەعوە بکا لەوێ دەعوەی دەکا لە فلان جێ، قیتالی دەوێ لەوێ موقاتیلە.

تەفصیل نییە فەسخ نییە، چونکی لۆ؟ کابرا خۆی موئمینە بە ئایەتەکان مەوقعی ئایەتەکان هات ئۆتۆماتیکیەن دەوری خۆی دەبینی، برسیتی پێویست ناکا لەژۆرێ کیانەك جیهازەك هاوار بکا بابە مردین لەبرسان، نەء خۆی ئیحساس دەکا برسیە دەچی نان دەخوا، ئیحساس دەکا تێنیە دەچی ئاو دەخوا، ئایاتی قورئانیش دەبی ئەبەو نەوعەی تەطبیق بکرێ، بەو طەبیعەتەی بەو عادەتیەی بەبێ

قەولەبە، کەینێ ئەوە دروست دەبی؟ بە مومارەسەی ئیمان، فە حەز دەکەم، إن شاء الله، بەو برایانەی کە دوو سێ جارە تکراری ئەو سوئالە دەکەن ئا ئەوە قەواعیدی ئیمانی کوەو؟ وەکو ئیمان وەرگیرایە؟ کو ئیمان مومارەسە کرایە، إن شاء الله، سەر لەنوێ ئەسابیعی ئاتی دیسان لەناو لەقەطاطی حەیاتی پێغەمبەر لەگەر صەحابە ئیعادەی دەکەمەوە بە ئسلوبەکی کەو موبەسەط، إن شاء الله بەمن ئەوە ئەصلە و موهیممە باوەڕ بکەن هەموو قورئان تەئکید لەسەر ئەو بوعدەی دەکا، هەموو قورئان، تەئکید لەسەر ئەو مەرحەلەیەی دەکا، ئا ئەوە نەبی ریجال دروست ناکرێ، ئەها دەفەرمی: (من المؤمنین رجال صدقوا ما عاهدوا الله علیه فمنهم من قضی نحبه ومنهم من ینتظر وما بدلوا تبدیلا) (الأحزاب ٢٣) ئەو ئیمانە دروست نەبی فایدەی نییە.

فإن شاء الله حەزم لێیە دروس و حەلەقاتمان نەظەریات و ثەقافیات نەبی، ئەنگۆ إن شاء الله موعینی من بن ئەمنیش لەگەرەنگۆ لە خزمەتتان ئا ئەو حالەتە ئیمانیە لە بەینی خۆمان ئیجاد کەین، فیعلەن بتانین نەماذجی صەحابە وەلەو بە کەمی خۆمان و بە نیسبەتی خۆمان بتانین ئیعادەی کەینەوە، إن شاء الله، لە حەفتەی داهاتوو ئەگەر عومر ما لە خزمەتتان زیاتر تەعمیقی ئەو جانیبانە دەکەین، أقول قولی هذا واستغفر الله لي ولكم سبحان ربك رب العزة عما یصفون و سلام علی المرسلین و الحمد لله رب العالمین.